# تۆ بڵێی ئەمجارە کورد وەئاگا بێتەوە؟!

## ئەمجەد شاکەلی

ئەشکەنجە و ئازاردانی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە، مێژوویەکی گەلێک کۆنی هەیە و شێوەکانیشی گەلێکن و زۆرجاران داهێنانیشیان تێدا کراوە. هادی ئەلعەلەوی"هادي العلوي"، لە کتێبی چەند بەشێک لە دیرۆکی سیاسیی ئیسلام " فصول من تاريخ الاسلام السياسي "دا، زۆر بە وردی باس مێژووی ئەشکەنجە و داهێنان لە جۆری کوشتندا لە مێژووی ئیسلام و پێش ئیسلامدا دەکات. هەرچی خەڵکانی ناموسوڵمان و دەرێی مێژووی ئیسلامە، دەکرێ ئەم نموونانە لەمەڕ ڕەوتاریانەوە بخرێنە بەرچاو:

ئاشوورییانی کۆن، دیلەکانیان لە سەر دارێکی تیژ داناوە، کە خازووق"خازوق"یان پێ گوتووە. دەست و پێیان بڕیونەتەوە و بەو شێوەیە کوشتوویان.

لە سەردەمی سەدەکانی ناڤیندا، لە ئەوروپا سووتاندن باو بووە. ژان دارک"Jeanne d'Arc"(1412-1431)، کچە شۆڕشگێڕی فرانسی، لە لایەن ئینگلیزەوە سووتێنراوە.

کڵێسە لەو سەدانەدا چەندین خەڵکیان سووتاندووە.

دادگەکانی پشکنین لە ئیسپانیا، تەنێ لە ساڵی 1483دا، هەزار پیاویان سووتاندووە.

ژنان بە نێوی جادووگەرییەوە گەلێکیان لێ سووتێنراون.

دۆشا، ڕێبەرێکی وەرزێرانی هەنگاریا بووە، دوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی لە ساڵی 1514دا بە دیل گیرا و لە سەر تەختێکی داخ دانرا و برژێنرا و گۆشتەکەیشی دەرخواردی لایەنگرانی درا، کە ئەوانیش بە دیلیی گیرابوون.

لە تیبێت، کەوڵکردن یا پێستکەندن بەرانبەر کۆیلە ئەنجام دراوە و تا ساڵی 1951یش ئەو کارە هەر درێژەی پێ دراوە.

دەرەبەگەکانی ئەوروپا، دژی وەرزیرانی خۆیان گوێبڕین و زمانبڕین و چاودەرهێنان و چوارلەتکردن و سیخی گەرم بە لەشداکردنیان بەکار بردووە.

چینییەکان پێش زایینی عیسا، چاڵێکی گەورەیان هەڵکەندووە و پڕیان لە ڕەژووی گەرم و داخ کردووە و پردێکی لە مس دروستکراویان، خستووەتە سەری، تا داخ بووە و ئەوجا قوربانییەکەیان هێناوە و فەرمانیان داوەتێ، کە بە سەر ئەو پردە داخەدا بە پێخاوسی بڕوات و ئەگەر پەڕیبێتەوە ئەوا ڕۆیشتووە و ئەگەریش نەیتوانیبێت بپەڕێتەوە ئەوا کەوتووەتە ناو چاڵە ئاگرەکەوە و برژاوە و سووتاوە.

ئینگلیزەکان لە هێندوستان بۆ ئەو ژنانەی، کە توانستی باجدانیان نەبووە، بێچووە کتکیان خستووەتە نێو سینگیانەوە.[1]

لە کن عەرەب و لەنێو ئیسلامیشدا نموونەگەلێکی یەکجار زۆر لە داهێنان لە بواری مرۆڤکوژی و ئەشکەنجەدا هەن، کە دەکرێ ئەمانەیان وەک نموونە باس بکرێن:

---

[1] العلوي، هادي، فصول من تاريخ الاسلام السياسي، ا مركزالابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، نيقوسيا- قبرص، الطبعة الاولى 1999، ص 324-325.

هەڵگرتنی سەری بڕاو و لەتلەتکردنی مردوو، بەشێکە لە گاڵتەکردن بە مردوو، کە ئەمەوییەکان لە سەردەمی موعاوییەدا دەستیان پێ کرد. دەڵێن یەکەم سەری بڕاوی هەڵگیراو لە ئیسلامدا، سەری عەمر کوڕی ئەلحەمەق "عمروا بن الحمق" بووە، کە یەکێک بووە لە لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب"علي بن ابي طالب" و زیاد کوڕی ئەبیھ "زیاد بن ابیه" کوشتوویەتی.

سەری ئیمام حوسەین و هاوڕێیانی، دوای نەبەردی کەربەلا، خرانە سەر تیر و لە کەربەلاوە بران بۆ کووفە و خرانە بەردەم عوبەیدوڵلا کوڕی زیاد"عبیدالله بن زیاد" و پاشان بران بۆ دیمەشق و خرانە بەردەم یەزیدی کوڕی موعاویە "یزید بن معاویة"ی خەلیفەی ئەمەوی.

ئەلموعتەمەد کوڕی عیباد"المعتمد بن عباد" فەرمانڕەوای ئەشبیلییەی ئەندەلوس، کە شاعیریش بوو، لە نێو کۆشکەکەیدا باخچەیەکی بۆ چاندنی سەری بڕاو کردبوو.

لێدان بە شەق و تێهەڵدان و دارکاری و تێلا و قامچی و مشت و ئەوانە و لە هەموو لەش، بە درێژایی مێژوو هەبووە. دەستبڕین و لاقبڕین و زمانبڕین و کەپووبڕین و کێر و گونبڕین، ئەمانە لە کن عەرەبان هەبوونە.

سەرکردەیەکی شورات"الخوارج"ەکان، بە نێوی موحەممەد کوڕی عەبادە"محمد بن عبادة"، لە سەردەمی ئەلموعتەزید بیللاه"المعتضد بالله"دا، بە دیل دەگیرێت و وەک چۆن کاوڕ کەوڵدەکرێت وەها کەوڵی دەکەن.

کە سەلجووقییەکان بە سەرۆکایەتیی سوڵتان موحەممەد کوڕی مەلیکشاه"محمد بن ملکشاه"، قەڵای ئیسفەهانی ئیسماعیلییەکان ئابڵۆقە دەدەن و دەگرن، ئەحمەد کوڕی عەبدولمەلیک کوڕی عەتتاش "احمد بن عبدالملك بن عطاش"، فەرمانڕەوای قەڵاکە دەگرن و کەوڵی دەکەن تا دەمرێت و پاشان پێستەکەی پڕ لە کا دەکەن.

ئەلموعیز ئەلفاتیمی"المعز الفاطمي"، ئەبووبەکر ئەلنابولسی"ابوبکر النابلسي"، کە زانایاکی دیمەشقی بووە، دەگرێ و فەرمان دەدات کەوڵی بکەن و لاشەکەی لە خاچ دەن و پێستەکەیشی پڕکەن لا کا.

ئەبووبەکر ئەسسددیق"ابوبکر الصدیق"، هەواڵی پێ دەگات، کە پیاوێک بە نێوی ئەلفوجائە ئەلسولەما"الفجاءة السلمی"، حیزە و خەڵک لە قوونڕا دەیگێن. ئەبووبەکر فەرمانی سووتاندنی دەدات.

سەرلەشکرانی سەردەمی ئەبووبەکر، کە چوونەتە جەنگی لادەرەکانەوە، فەرمانی سووتاندنی دوژمنیان پێ بووە. خالیدی کوڕی وەلید"خالد بن الولید"، خەڵکی لادەری سووتاندووە.

ئەمەوییەکان خەڵکانی ڕاپەڕیوی دژی دەسەڵاتی خۆیان سووتاندووە.

بە فەرمانی خالید ئەلقەسری"خالدالقسري" فەرمانڕەوای عیراق، لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا، ئەلموغیرە کوڕی سەعید ئەلعیجلی"المغیرة بن سعیدالعجلي" بە زیندوویی سووتێنراوە.

لە دەسپێکی دەسەڵاتی عەبباسییاندا، عەبدوڵلای کوڕی موقەففەع"عبدالله بن المقفع"ی نووسەر، بە فەرمانی سوفیان کوڕی موعاویە"سفیان بن معاویة"، کە ئوستانداریکی خەلیفە ئەلمەنسوور"المنصور" بووە، سووتێنراوە. عەباسییەکان، دواتر فێری برژاندنی قوربانییەکانیان بوون، لە سەر ئاگرێکی هێواش و ئارام.

بە فەرمانی خەلیفە ئەلموعتەزید"المعتضد"، موحەممەد کوڕی حەسەن، کە بە شەیلەمە"شیلمة" بەناووبانگ بوو و یەکێک بوو لە سەرانی قوڵەکان"الزنج" لە بەسرە، بە دارێکەوە هەڵیدەواسن و لە سەر ئاگرێکی ئارام دەیخولێننەوە و دەیبرژێنن، تا پێستەکەی لەیەک دەبێتەوە و پاشان لە سەری دەدەن و دەیپەڕێنن.

گاورێک لە سەردەمی ئەلمەنسوور"المنصور"ی عەبباسیدا، لە دیمەشق، لەگەڵ ژنێکدا و لە ڕۆژی ڕەمەزاندا، مەی دەخۆنەوە، ئیبن قلاوون"قلاون" ئوستانداری دیمەشق، گاورەکە دەسووتێنێت و ژنەکەش دارکاری دەکات.

کوڕی ئەبی ئەلفەواریس"ابن ابي الفوارس"، یەکێک لە سەران و ڕێبەرانی قەرمەتییەکان"القرامطة"، کە گیراوە بە دیلی، هەڵواسراوە و کاکیلەکانی دەرهێنراون و دەستێکی بە چەرخێکەوە بەستراوە و سووڕدراوە، تا لە لەشی هەڵکەندراوە و هەردوو دەستی و هەردوو لاقی بڕاوە و سەری بڕاوە و لە خاچ دراوە و پاشان لاشەکەی، براوە بۆ گەڕەکێک، بە نێوی ئەلیاسیرییە"الياسرية" لە بەغدا و لەوێ، لەگەڵ لاشەی قەرمەتییانی دیکەدا هەڵواسراوە.

کە حوسەین کوڕی زیکرەوەیە"حسين بن زكرويه"، ڕێبەری قەرمەتییەکانی عێراق، لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیانیدا دەگیرێت، سەکۆیەکی گەورە لە شوێنێکی گشتیدا دروست دەکەن و هەموو خەڵک بۆ ئامەنگیی تەماشاکردنی هەڵواسین و کوشتنیان بانگ دەکەن. دیلەکان یەک لە دووی یەک دەهێنن. هەریەکەیان پاڵ دەخرێت و دەستی ڕاستی دەبڕدرێت و پێشانی خەڵک دەدرێت و دوای فڕێ دەدرێت. ئەوجا لنگی چەپی دەبڕدرێت و پێشانی خەڵک دەدرێت و دوای فڕێ دەدرێت. دوایی دەستی چەپی و دوای لاقی ڕاستی دەبڕدرێن و پێشان دەدرێن و فڕێ دەدرێن. دوای سەری دەبڕدرێت و لەگەڵ لاشەیدا فڕێ دەدرێتە خوارێ. کە حوسەین کوڕی زیکرەوەیە" حسين بن زكرويه "، دەهێنن، سەد قامچی لێدەدەن و هەردوو دەستی و هەردوو لنگی دەبڕنەوە و بە ئاگر داخی دەکەن، تا بێهۆش دەکەوێت و دوای تەختەدارێکی ئاگرتێبەردراو و گڕدار دەهێنن و دەیکەن بە ناوقەد و زگیدا، تا چاو دەکاتەوە و دایاندەخات. کە زانییان خەریکە دەمرێت، لە ملی دەدەن و سەرەکەی دەخەنە سەر دارێک و بەرزی دەکەنەوە و جەللادەکان لە سەر سەکۆکەوە دەستدەکەن بە ئەڵڵاهوئەکبەر"الله اكبر" و خەڵکیش بە دوایاندا ئەڵڵاهوئەکبەریان بۆ دەستێننەوە.

کاتێک، کە سەری ئیمام حوسەین براوەتە بەردەم سەردارانی ئەمەوییەکان، ئەوانیش ئەڵڵاهوئەکبەریان گوتووە.

کوشتن بە تەختەدارێکی بزمارێژکراو و لە نێو تەنووردا، لە سەردەمی ئەلواسیق بیللاه"الواثق بالله"دا، موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا ئەززەییات"محمد بن عبدالله الزيات"ی وەزیری داهێنەری بوو.

ئەبولعەبباس ئەسسەففاح"ابو العباس السفاح"ی عەبباسی، عەبدولحەمید ئەلکاتیب"عبدالحميد الكاتب"، کە لەگەڵ مەروان"مروان"ی دوا خەلیفەی ئەمەوییەکاندا دەبێت، دەگرێت و دەیداتە دەست بەرپرسی پۆلیسەکانییەوە و ئەویش تەشتێکی بۆ داخ دەکات و لە سەری ئەلکاتیبی دادەنێت، تا دەمرێت.

پەیامبەر موحەممەد، کینانە کوڕی ئەڕڕوبەییع"كنانة بن الربيع"، کە لە سەردارانی بەنی ئەننەزیر"بني النضير" بوو و گەنجینەیەکی سامانی بەنی ئەننەزیری لە بندەستدا بوو، دەداتە دەست ئەززوبێر"الزبير"ەوە و پێی دەڵێ: ئەشکەنجەی دە، تا هەموو شتێکی پێ دەردەخەیت. ئەززوبێریش بە چەرخی ئاگر، سینگی داخ دەکات، تا دەیگەیەنێتە مردن، دوای پەیامبەر دەیداتە دەست موحەممەد بین موسلیمە"محمد بن مسيلمة"، بۆ ئەوەی لە تۆڵەی کوشتنی براکەیدا، لە لایەن بەنوئەننەزیرەوە بیکوژێت.

مەروان کوڕی موحەممەد"مروان بن محمد"، دوا خەلیفەی ئەمەوییەکان، ئیبراهیم ئەلئیمام"ابراهیم الامام"ی ڕێبەری پەیامی عەبباسییەکان، دەگرێت و سەری دەخاتە نێو توورەکەیەکی پڕ لە "نوورە"[2]وە و توورەکەکە توند گرێ دەدات تا دەخنکێت.

عەمر بین هوبەیرە"عمروا بن هبيرة"ی فەرمانڕەوای عیراقی سەردەمی ئەمەوییەکان، لە سەر بێگوێییەک، سەعید کوڕی عومەر ئەلحەرشی"سعيد بن عمر الحرشي"، ئوستانداری خوراسان، لە کارەکەی لا دەبات و بە پڕکردنی زگی بە مێرووڵە، ئەشکەنجەی دەدات.

هۆزی خەفاجە"خفاجة"، ساڵی 403ی کۆچی، هێرش دەکەنە سەر حاجییان و زۆرێکیان لێ دەکوژن و بەشێکیشیان بۆ بێئاوان و دەشتاییەکان هەڵدێن. فەخرولمولک"فخر الملك"ی وەزیری بوەیهییەکان"البويهيون"، سەرکردەی ئەو هێرشبەرانە و کۆمەڵێکیان لێ دەستگیر دەکات. فەرمان دەدات، لە سەر جۆگە ئاوێک لە خاچیان بدەن، بۆ ئەوەی چاویان لە ئاوەکە بێت و دەستیان پێی نەگات، ئیدی لە تینوویەتیدا دەخنکێن.

عەبدولمەلیک کوڕی مەروان"عبدالملك بن مروان"ی خەلیفەی ئەمەوی، داوای کچەکەی سەعید کوڕی ئەلموسەییەب"سعيد بن المسيب"، دەکات بۆ وەلید"وليد"ی کوڕی. ئەلموسەییەب، کە بە خواپەرستی و دژایەتیی سیاسەتی ئەمەوییەکان بەنێوبانگ بوو، کچەکەی نادات بە کوڕی عەبدولمەلیک"عبدالملك". عەبدولمەلیک گاڵ دەدات تەمێی ئەلمەسەییەب بکەن. لە ڕۆژێکی سارددا سەد قامچی لێ دەدەن و جوببەیەکی خوریی لەبەر دەکەن و پاشان ئاوی تەزیی پێدا دەکەن.

خالید ئەلقەسری"خالدالقسري"، ئوستانداری حیجاز دواتریش عیراق، لە سەردەمی هیشام کوڕی عەبدولمەلیک "هشام بن عبدالملك"ی ئەمەویدا، لە سەر هەندێک بێگوێیی خەلیفە، بەمجۆرە دەکوژرێت: دارێکی زۆر ئەستوور و گەورە لە سەر پێیەکانی دادەنێن و چەند جەللادێک دەچنە سەری و پێیەکانی بەوجۆرە دەشکێنن. پاشان دارەکە دەخەنە سەر لاقەکانی و خۆیشیان دەچنە سەری تا لاقەکانیشی دەشکێن. پاشان دارەکە دەخەنە سەر ڕانەکانی و کلۆکی و خۆیشیان دەچنە سەری تا ڕانەکانیشی دەشکێن. دواتر دارەکە دەگوێزنەوە سەرەوەتر بۆ سەر زگی و دوای سینگی تا سینگیشی دەشکێت و ئیدی گیانی دەردەچێت و دەمرێت.

ئەبووسەعید ئەلجەنابی"ابوسعيدالجنابي"، دامەزرێنەری دەوڵەتی قەرمەتییەکان"القرامطة"، لە حەمامدا بە دەستی نۆکەرێکی خۆی دەکوژرێت. ئەو نۆکەرە چەند کەسێکی دیکەیش لە سەرانی قەرمەتییەکان، هەر لە حەمامدا دەکوژێت. پاشان قەرمەتییان ئەو نۆکەرە دەگرن و بە گوریس دەیبەستنەوە و بە گاز و مەقاش، گوشت لە لەشی دەکەنەوە تا دەمرێت.

ئەلموعتەزید"المعتضد"ی خەلیفەی ئەمەوی، کە بیویستایە یەکێک لە سەرلەشکرەکانی یا نۆکەرە نێزیکەکانی کوشتبا، فەرمانی دەدا چاڵێک هەڵکەنن و کابرایان سەرەوخوار دەکردەوە و سەریان دەنێو چاڵەکە دەنا و بە خۆڵ دادەپۆشرا و بە توندی بە لاق دەچوونە سەر ئەو خۆڵە و دەیانپەستایەوە و بەشەکەی خوارەوەی لەشی کابرایش بە دەرەوە دەمایەوە. بەو کارە دوای ئەوە هەموو کون و کەلەبەرێکی لەشی کابرایان، وەک دەمی، داخستبوو، گیانی کابرایان، بە بۆچوونی خۆیان لە قوونییەوە دەردەکرد.

---

[2] تێکەڵاویەکی سپی ڕەنگە، لە دوو ماددەی گەچ و زەرنیخ.

هیشام کوڕی عەبدولمەلیک"هشام بن عبدالملك"ی ئەمەوی، لە سەر کۆنە قینێک، فەرمان دەدات، عەمارە ئەلکەلبی"عمارةالكلبي"، بگرن و هەموو کاکیلەکانی دەربهێنن و هەموو نینۆکەکانی دەستی هەڵکێشن و پێستی سەری هەڵکەنن و بە چەقۆ و نووکی تیژ گۆشتی لەشی کونکون کەن.

فەیرووز کوڕی حەسین"فيروز بن حسين"، کە یەکێک بوو لە سەرانی ڕابوونەکەی کوڕی ئەلئەشعەس"ابن الاشعث"ی دژی ئەلحەججاج کوڕی یووسف ئەسسەقەفی"الحجاج بن يوسف الثقفي"، دوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە، دەگیرێت و ئەلحەججاج فەرمان دەدات، هەموو جلەکانی داکەنن و ڕووتی بکەنەوە. دوایی بە قامیشی لەتکراو لەشی دەپێچنەوە و ئەوجا ئەو قامیشانە بە سەر لەشیدا دێنن، تا هەموو لەشی دەبێتە برین و بۆ پتر ئازاردانیشی خوێ و سرکە دەرژێننە سەر برینەکانیدا و دواییش سەری دەپەڕێنن.

لە یەزیدی کوڕی موعاویە"يزيد بن معاوية" دەگێڕنەوە، کە سەربازانی خەڵکی شامی بەرداوەتە ژنانی مەدینە و بە تۆبزیی زەوتیی سێکسییان کردوون.

ئەلحاکیم بیئەمر ئەڵلاهـ ئەلفاتیمی"الحاكم بامر الله الفاطمي"، بەنێو بازاڕدا بە سواری کەرێک سووڕاوەتەوە و کابرایەکی ڕەشیی زلەی لەگەڵدا بووە و کە ویستوویەتی تەمێی کەسێک بکات، فەرمانی بە زلڕەش داوە، ئەو کەسە بگێت.

فەرمانڕەوایانی عوسمانی، دانانی سەر خازووق"خازوق"یان کردبووە قانوون و خەڵکیان پێ دەکوشت.

لەنێو سەرلەشکر و ئوستاندارانی ئەمەویدا، نێوی: زیاد کوڕی ئەبیە"زياد بن ابيه"، عوبەیدوڵلا کوڕی زیاد کوڕی ئەبیە"عبيدالله بن زياد بن ابيه"، موسلیم کوڕی عوقبە ئەلمەری"مسلم بن عقبة المري"، ئەلحەججاج کوڕی یووسف ئەلسەقەفی"الحجاج بن يوسف الثقفي"، قوڕە کوڕی شورەیک"قرة بن شريك"، بیشر کوڕی مەروان"بشر بن مروان"، یەزید کوڕی ئەلموهەللەب"يزيد بن المهلب"، خالید ئەلقەسری"خالدالقسري" و ئەسەد ئەلقەسری"اسدالقسري"، وەک مرۆڤکوژ و سادیست دێنە باس کردن. وەلید کوڕی عەبدولمەلیک"وليد بن عبدالملك"، عوسمان کوڕی عەففان"عثمان بن عفان" و خالید کوڕی ئەلوەلید"خالد بن الوليد"یش، لەو مرۆڤکوژانەن، کە خەڵک ناڵاندوویەتی و زنهاری بووە بە دەستیانەوە. لە نێو عەبباسییانیشدا، ئەلمەئموون"المامون" و ئەلواسیق"الواثق"، لە خەلیفەکاندا پیاوکۆژ بوونە. لە سەرلەشکر و ئوستاندار و وەزیرەکانیشیاندا، ئەبوو موسلیم خوراسانی"ابومسلم خراساني"، عەبدوڵلا کوڕی عەلی"عبدالله بن علي"، مەعن کوڕی زائیدە"معن بن زائدة"، یەزید کوڕی مەزید"يزيد بن مزيد"، عوقبە کوڕی موسلیم"عقبة بن مسلم"، ئەفەزل کوڕی مەروان"افضل بن مروان"، موحەممەد کوڕی عەبدوڵلا ئەززەیات"محمد بن عبدالله الزيات"، حامید کوڕی ئەلعەبباس"حامد بن العباس"، مرۆڤکوژ بوونە[3].

کە دەنۆڕینە نەخشەی دابەشبوونی ئەو کوشتن و ئەشکەنجانەی لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویانداوە، ئەوەی دەسبەجێ بۆمان ئاشکرا دەبێت و دەکەوێتە بەرچاو ئەوەیە، ئەو کارانە هەرچەندە لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلام، موحەممەد

---

[3] العلوي، هادي، فصول من تاريخ الاسلام السياسي، مركزالابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، نيقوسيا- قبرص، الطبعة الاولى 1999، ص 295- 32.

و خەلیفەکانیدا ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان، بە شێوەیەک هەبووە، وەلێ پتر لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا پەرەی سەندووە و ئیدی بە دووی ئەوانیشدا عەبباسییانیش درێژەیان پێداوە. تۆوی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی عەرەبی و عەرەبایەتی لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە پەیدا بووە. لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا ئیدی ئایین بوو بە ئایینی ڕەگەزی عەرەب و عەرەب بوونە سەردار و ناعەرەبانییش وەک نۆکەر و بندەست چاویان لێ دەکرا. جڤاک، لە ڕووی چینایەتییەوە، بوو بە بە دوو کەرتەوە، ئەریستۆکراتی عەرەب و پرۆلیتاریای موسوڵمانانی ناعەرەب "الموالي". بنەمای دژایەتییکردنی ناعەرەبان و چاولێکردنیان وەک زڕەموسوڵمان و دژوارییەک لە سەر ئیسلامی عەرەبی، هەر لەودەمییەوە سەری هەڵدا و لە سەردەمی عەبباسییانیشدا گەیشتە دوندی دوژمنایەتیکردنی ناعەرەبان، بە بیانووی گەلپەرستی و گەلێری"الشعوبية" و دژوارییان لە سەر ئیسلام. نەتەوەپەرستیی عەرەب و ئیسلامی سوننە سیمایەکی ڕوون و خویا و بەڵگەنەویستی ئەو فەرمانڕەواییانەن، کە لە دوای لەنێوبردنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب"علي بن ابي طالب" و کوشتنی حوسەین و قڕکردنی بنەماڵەی عەلییەوە، پەیدابوون و هەبوون و تائێستاش درێژەیان هەیە. ئەو ئیسلامە سوننە عەرەبییەی ئێستا، هەر ئەو ئیسلامە ڕەگەزپەرستییە خوێناوییەی ئەمەوییان و عەبباسییانی نەیارانی ناعەرەب و بنەماڵەی عەلییە. ئەو ئیسلامەی، عەرەبی سوننە نوێنەرایەتیی کردووە و دەیکات، هەر ئەو ئیسلامە توندڕۆیەیە، کە ئەوڕۆ هەموو خەڵکێکی دەرەوەی بازنەی خۆیان، بە بێئایین و کافر دادەنات و بە چاوێکی شۆڤینیستانە دەنۆڕێتە هەموو کەسێکی، کە لە خۆیان نییە و کە کوردییش یەک لەوانەیە. کە دەنۆڕینە ئەم ڕەگەزپەرستی و کەسنەخوێندنەوەیەی عەرەب و سوننە، بەرانبەر خەڵکانی دیکە، ڕەگوڕیشە و بنەماکانی، تەواوی ئەوەی ئێستاکە ڕوودەدات، لەو مێژووە خوێناوییەی ئیسلامی سوننە و عەرەبدا، دەبینینەوە. سادق جەلال ئەلعەزم "صادق جلال العظم" پێیوایە بیرۆکەی کارەسات و تراژیدیا، لە هزری ئیسلامدا بە گشتی و لە هزری ئیسلامی سوننەدا بە تایبەتی، نییە. لەکن شیعە ئەزموونی لێقەومان هەیە(کارەساتی کەربەلا) و لەکن عیساییان کارەساتی لەخاچدانی عیسا و هەڵسانەوەی هەیە، لێ لەکن سوننە شتێکی لەو جۆرە هەر نییە[4]. دیارە نەبوونی ئەو ئەزموونە تراژیدیاییە لەکن عەرەبی موسوڵمانی سوننە، کاریگەرییەکی وای کردووەتە سەریان، کە سادیستانە ڕەوتار لەگەڵ ناعەرەباندا بکەن، چونکە بۆ خۆیان لە ئازار و کاریگەریی و ئاکامە خراپەکانی ئەو کارانەیان تێناگەن. ئەو عەرەبانەی بە نێوی ئیسلامەوە خەڵک سەردەبڕن و دەکوژن و خۆدەقێننەوە، هەموو سروشکیان لەو دیرۆکەوە بۆ دێت و هەموو شانازییەکیان بەو دیرۆکەیە و هەموو پەیامێکیشیان بۆ زیندووڕاگرتنی ئەو دیرۆکەیە. کاتێک مرۆڤ هەستی بڕکەیی و سەربەبڕکەبوون و خۆبەیەکێک لە بڕکە زانین، لە ناخیدا هاتە جۆش و چاوی سوور بوو و هیچی دیکەی، بێجگە لەو بڕکەیەی خۆی و لەو ڕەنگەی خۆی و لەو ئایینەی خۆی و لەو زمانەی خۆی و لەو ئاییترایەی خۆی و لەو خێڵەی خۆی و لەو حیزبەی خۆی و لەو ئایدیۆلۆژیایەی خۆی و لەو شارەی خۆی و لەو گەڕەکەی خۆی و لەو دەستەیەی خۆی، نەدی و بەڕاست نەزانی و نەناسی و ددانی پێدا نەنا، ئیدی ئەو دەمە مرۆڤ لە مرۆڤی دەکەوێت و هاوسێی خۆی دەکوژێت و منداڵانی گەڕەکەکەی دەکوژێت و ژنانی هۆزەکەی ئەولای خۆی زەوت دەکات. ئەمەی ئێستا لە عێراقدا لە لایەن عەرەبەوە، بەرانبەر بە کورد دەکرێت، ڕێک زاڵبوونی ئەو هەستی بڕکەییەیە و دەرچوونە لە کەوڵ و پێستی مرۆڤی و بوون و گۆڕانە بە دڕندەیەکی مرۆڤخۆر.

---

[4] العظم، صادق جلال، حوار بلا ضفاف، اجرى الحوار صقر ابو فخر، الموٴسسة العربية للدراسات والنشر- بيروت، الطبعة الاولى 1998، ص 31.

*****

یووسف ئەلقەرەزاوی"یوسف القرضاوي" و زۆرێک لە مەلا سوننەکانی عەرەب، زۆر لە مێژە، هەر کەس و دەستە و گەل و نەتەوە و خەڵکانێکی، کە لەگەڵ ئەمەریکادا هاوکارییان کردووە و دەکەن، کە کوردیش یەکێکە لەوانە، بە کافر دایانناون و خوێنیان حەڵاڵ کردوون.

چەند مانگێک بەر لە ئەمڕۆ، کۆمەڵێک ناکورد(عەرەب و تورکمان و بەعسی و عەرەبی دەرەکی و موسوڵمانی سوننە و موسوڵمانی شیعە و پیاوانی بەکرێگیراوی میتی تورکیا و موخابەراتی سووریا و ئیتتیلاعاتی ئێران و...)، لە کەرکووک، خۆپێشاندان و ڕێپێوانێکیان، دژ بە کورد و کوردستانیبوونی کەرکووک، ساز کرد و بە دەنگی بەرز و ئاشکرا، دژی کورد هاتوهاواریان دەکرد و دەیانقیراند و دروشمی: "لا اله الا الله کردستان عدو الله، هیچ خوایەک نییە، بێجگە لە ئەڵلا، کوردستان دوژمنی خوایە"یان بڵند کردبووەوە.

ماوەیەکی دواتر، لە دەڤەری سێگۆشە سوننییەکەی عەرەبستانی عێراق، پێنج کوردیان گرت و کوشتنیانن و پاشان لاشەکانیانیان سووتاند.

ماوەیەکی دواتر، مەلایەکی عەرەبی موسوڵمانی سوننی لە مووسڵ، فەتوایەکی دەرکرد و کوردی بە کافر دانا و کوشتنی کوردی حەڵاڵ کرد.

ماوەیەکی دواتر، دوازدە گەنجی کوردی خەڵکی خانەقین، کە دەچنە باژێڕی باقووبە"بعقوبة"، بۆ خۆ نێونووسکردن، بۆ ئەوەی ببنە پۆلیسی عێراقی، ڕۆژی یەکەم کارەکەیان جێبەجێ ناکەن و پێیان دەڵێن، کە سبەینێ بێنەوە. کە سبەینێ دەچنەوە، ئامادەییان بۆ دەکەن و دەیاندەنە بەر دەستڕێژ و هەموویان دەکوژن.

دوای ئەوانەش، سێ لاوی کوردی زاخۆیی، لە نێزیکی شارێکی عەرەبی سوننەی عێراق، ئۆتۆمبیلەکەیان پەکی دەکەوێت و دەچنە بەر پۆلیسخانەیەک و داوای کۆمەک دەکەن و پۆلیسەکانیش بۆ شوێنێکیان دەنێرن، کە تەڵە دەبێت و پێوە دەبن و هەرسێیان، ڕێک وەک چۆن بەرخ و کاوڕ و گیسک، لە وڵاتانی خۆماندا سەردەبڕدرێن، ئاوها ئەو لاوانە چەقۆ دەخرێتە ملیان و یەک لە دووی یەک سەردەبڕدرێن.

ئۆتۆمبیلگەلێکی کوردستان، کە ژمارەی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان پێوەیە و پێوەبێت، ناتوانن و ناوێرن بچنە مووسڵ و باقوبە و شارە عەرەبەکان، چونکە لەوێ دەیاندەنە بەر تەقە و لەنێو دەبرێن.

ئەمەی سەرەوە، کە باسم کرد، وێنەیەکە لەو بارەی، کە ئێستاکە کوردی باشووری کوردستانی، دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسەینی، تێدا دەژی. ئەو ڕەوتار و گوتارەی سەرەوەی، کە باسم کرد، ڕەوتار و گوتار و دیدی عەرەبە لە عێراق و دەرەوەی عێراق، بەرانبەر بە کورد.

کورد، ئێستاکە لە باشووری کوردستان و دوای ڕووخانی بەعس و سەرانی کورد گوتەنی"ئازادی عێراق"، بە کافر نێونووس دەکرێت، خوێنی حەڵاڵ دەکرێت، دەکوژرێت، دەسووتێنرێت، سەردەبڕدرێت، تەنێ لەبەر یەک شت، لەبەر ئەوەی کە کوردە و هیچی دیکە.

*****

ئەگەر بنەماکانی نەتەوە و ئەو پایە و کۆڵەکانەی، نەتەوەیان لە سەر دامەزراوە و پێکهاتووە، لە کۆندا، خاک و زمانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و خوێن و ڕەگەز و ئەوانە بووبن، ئێستاکە وانییە. نەتەوە، دروست نابێت کاتێک گەل لە دایک دەبێت، وەلێ کاتێک گەل هەڕەشەی نەمانی لێ دەکرێت ئەودەم دروست دەبێت. ساسانییەکان، کە لە نێوان 226-651ی زایینیدا فەرمانڕەوای ئێران بوون، لە دەسپێکی دەسەڵات و فەرمانڕەواییاندا، شتێک بە نێوی

نەتەوەی ئێرانییەوە نێوی نەبوو. لە کۆتایی ساڵانی دەسەڵاتیاندا، کاتێک، کە ئەمەوی و عەبباسییانی عەرەب هێرشیان کردنە سەر و ویستیان لە نێویان بەرن، ئەودەم ئیدی نەتەوەی ئێرانی پەیدا بوو، واتە: نەک کاتی سەربەخۆیی ئێران و کاتێک، کە ڕەگەزی ئێرانی دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵکە لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا. هەر لەو سەردەمەشدا، ئەبولقاسمی فیردەوسی، شانامەکەی خۆی بە نێوی شانامەی فیردەوسییەوە نووسیوەتەوە، کە هەموو قارەمانە نەتەوەییە مەزنەکان و بزاڤە نەتەوەییە لەشکری و گەلێری و فەرهەنگی و ئەدەبییەکانیش، هەر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە. شانامەکەی ئەبولقاسمی فیردەوسییش، هەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی تێداچوون و نەمانی ئیمپراتۆریای ساسانی و داگیرکردنی ئێران لە لایەن عەرەبەوە. نەتەوەی عەرەب، لە سەردەمی ئەمەوی و عەبباسییەکاندا کاتێک، کە خەڵکانێکی زۆری ناعەرەب بوون بە موسوڵمان و هاتنە نێو ئایینی ئیسلامەوە و بە باسی یەکسانی لەنێوان موسوڵماناندا، هەڕەشەیان لەو دەسەڵاتدارە عەرەبانە کرد بە نەمان، ئەودەمی ئیدی بیری نەتەوەیی لەکن ئەو دەسەڵاتدارانە، سەری هەڵدا و هەستیی خۆبەعەرەبزانیی هاتە ئاراوە.

مارتین هایدگەر(1889-1976)ی فەیلەسووف دەڵێ:"من...واتە: بوونی ڕاستیم لە ژیانی جڤاکیدا، بوونی نییە و ئەمەش لە هەموو ڕەوشە جیاوازەکانی مرۆڤدا، لە پێوەندیدا لەگەڵ تاکەکان و چتەکان و پرسەکانی دیکەدا وایە، مرۆڤ تەنێ کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو واقیع، بوونی ڕاستینەی ئەو "من"ەی لەکن چێ دەبێت، ئەو دوو واقیعەش: مردن و خۆشەویستین". مردن، مرۆڤ لەنێو دەبات و خۆشەویستییش پێوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە دەبڕێت و تەنێ پێوەندی، بە خۆشەویستەکەیەوە دەهێڵێتەوە[5].

کۆمەڵگەیەک، گەلێک، خەڵکێک، کە خودانی مێژوو و فەرهەنگ و کەسێتییەکی ماددی و گیانەکین و نێوی نەتەوەیان لە خۆ ناوە، کاتێ دەکەونە بەر هێرشی داگیرکەر و دەسەڵاتی بیانی و کۆڵۆنیالیزم و کەسێتی و تایبەتمەندیەتیی و بوونی نەتەوەییان هەڕەشەی لێ دەکرێت و دیرۆکیان دەکوژرێت و دەسڕێتەوە و سامانیان داگیر دەکرێت و فەرهەنگیان سووک دەکرێت و گاڵتە بە نەریت و ڕەوشت و بڕوا و ئایین و هەموو پیرۆزییەکیان دەکرێت و هەرچی ڕەهەند و سیما جڤاکی و مرۆڤییەکانیانە، کە ڕەسەنایەتی و سەربەخۆییان نیشاندەدەن، لە قوڕ دەگیرێن و پووچەڵ دەکرێنەوە و کاتێک خۆیان دەبیننەوە، لە هەموو ناوەڕۆکێکی مرۆڤی و کەسەکی و دەوڵەمەندییەکی گیانەکی پووچکراونەوە و ناچارکراون ببنە پاشکۆ و کۆیلە و لاساییکەرەوەیەکی مەیموون ئاسا، ئەودەم، مەگەر ئەودەمی هەست بە سووکایەتی و نزمی و کێماسی و ژێردەستەیی بکەن و مەگەر ئەودەم گیانی بەرپەرچدانەوەنە و ڕووبەڕووبوونەوە و پێچەوانەبۆچوون و دەستدانەتێڵایان، بۆ گۆڕینی ئەو بارە و ئەو ڕەوشە، لا دروست بێت و ئەو هەستە بێتە ئاراوە. ئەودەمی، کە ئیدی هەموو شتێکی خەڵک، گەل، جڤاک، دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی نەمانەوە، ئەودەم تەنێ ئەودەم، نەتەوە چێ دەبێت.

سیگمۆند فرۆید(1856-1939)، کە بۆ خۆی جوولەکە بوو، لە سەرەتاوە یەکێک بوو لەوانەی، کە زۆر دژی زایۆنیزم بوو، بەڵام کاتێک دیتی نازیستەکان چۆن ڕەوتار لەگەڵ جوولەکەکانی ئەوروپادا دەکەن و چۆنیان دەچەوسێننەوە، ئەودەمی گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ جوولەکەکان، ڕەنگە چارەسەرێک

[5] شريعتي، الدكتور علي، العودة الى الذات، ترجمة د. ابراهيم الدسوقي شتا، الزهراء للاعلام العربي، الطبعة الاولى 1986، القاهرة، ص181.

بێت بۆ بیری ناسامیی یا دژەسامی یا ئەنتیسەمیتیزم" Anti-Semitism"، کە لەو سەردەمەدا و لە ئەوروپادا تەشەنەی کردبوو[6].

سەر بە نەتەوەبوون، سەر بە حیزببوون، سەر بە ئایدیۆلۆژیابوون، سەر بە ئایینبوون، سەر بە ئاییترابوون، سەر بە خێڵ و هۆزبوون، سەر بە هەر بیر و باوەڕ و دەستە و کۆمەڵ و خەڵکێک بوون، پێش هەر شتێک هەستە و خۆ بە یەکێک لەوانە زانینە و خۆجیانەکردنەوەیە لەوانە. ئەو هەستەیە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنا بۆ پارێزگاریکردن لەو پێوەندە ماددی و گیانەکییانەی لەنێوان خۆی و ئەوانەدا هەن. ئەو هەستەیە وا لە مرۆڤ دەکات، خۆی بە یەکێک لەوانە بزانێت و ئامادەش بێت، نێوهێنانی لەگەڵ ئەواندا پێ ئاسایی بێت و نێوهێنانی لەگەڵ هی دیکەدا پێ نائاسایی بێت. ئەو هەستە، کە ئێمە باسمان لە نەتەوەیە، هەستیی نەتەوەییە، ئاگایی نەتەوەییە. ئەو هەستە نەتەوەییە، ئەو ئاگاییە، نەتەوە چێ دەکات و بنگە و بنەما و بناخە و پایەکانی نەتەوە بەهێز دەکات و ڕاپاندەگرێت. من بۆ خۆم، زۆر لە مێژە، پێموابووە، کورد، ئەو هەست و ئاگاییەی نەبووە و نییە و ئەگەر لەکن تاکەتاکەیەکیشی هەبێت، ئەوا لەکن زۆرینەی وەک کۆمەڵ و جڤاک یا زۆر لاوازە یا هەر نییە. کە ئەو ئاگایی و هەستەیشی نەبوو، کەواتە نەبووەتە نەتەوە، با بە پێی چەمک و پێناسە کۆنەکەی نەتەوەش تەواوی بنەماکانی نەتەوەی تێدا بووبێت و هەبێت. من کوردم وا هاتووەتە بەرچاو و پێموابووە، هێشتا نەبووەتە نەتەوە. من کوردم وەک کۆمەڵە خەڵکێکی پاژپاژ و هەریەکلەئاوازێکخوێن و دوورلەیەکدی هاتووەتە بەرچاو. من کوردم وەک شلەپەتەیەکی دەڵەمەیی نەڕەسیوی بێڕەنگی یەکنەگرتووی ناهاوئاهەنگ هاتووتە بەرچاو. هۆکاری لاوازیی یا نەبوونی ئەو ئاگایی و هەستە لەکن کوردان، بێجگە لە باری جیۆگرافی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و نەبوونی یەک زمانی ستاندارد و نەبوونی دەوڵەت و پارچەپارچەیی و بوونی سەدان حیزب و دەیان دیالێکت و دەیان سەرکردەی سیاسی و هەزاران خێڵ و هۆز و ئەم هەموو شتانە، کە دەکرێ بە هۆکارگەلێکی ناوەکی و نێو کۆمەڵگەی کورد بۆ خۆی دایان بنێین و تەماشایان بکەین، دیوێکی دیکەیشی هەیە، کە ئەویش ئالییە دەرەکییەکەیەتی، کە کاریگەریی خەڵکانی ناکورد سازی کردووە و کورد بۆ خۆی ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەو بوارەدا نەبووە و نەبینیوە.

*****

جاران و لەوەتی کورد هەبووە و تا ئەوڕۆ، کورد لەبەر ئەوەی کوردە، بە کافر نێونووس نەدەکرا، خوێنی حەڵاڵ نەدەکرا، نەدەکوژرا، نەدەسووتێنرا، سەرنەدەبڕدرا، تەنێ لەبەر ئەوەی کوردە. جاران و لەوەتی کورد هەبووە و تا ئەوڕۆ، کورد لە بەغدادا و لەنێو حوکوومەتی بەغدادا و لەنێو شۆڤینیستترین ڕێژیمی عێراقیشدا، کە بەعس بوو، وەزیر و سەرکردەی لەشکر و ئەفسەر و پۆلیس و سەرۆکی حوکوومەت و جێگری سەرۆککۆمار و کارمەند و بازرگان و ڕۆژنامەڤان و مامۆستای زانستگە و شانۆکار و دەسگای فەرهەنگی و کارگەر و هەموو شتێکی دیکەی هەبوو و بە جلی کوردییەوە هەموو عەرەبستانی عێراق، هەر لە باقووبە و بەغداوە تا بەسرە دەگەڕا و کەسیش هیچی پێ نەدەگوت. کورد لەو هەموو سەردەمانەدا هەموو جۆرە تەوفیق وەهبی، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ، ماجید مستەفا، بەکر سیدقی، جەعفەر عەسکەری، فوئاد عارف، باباعەلی شێخ مەحموود، ئەحمەد موختار بابان، سەعید قەززاز، خالید نەقشبەندی، تاها شێخ ئەحمەد، عەزیز حاج، موکەڕڕەم تاڵەبانی، عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف، هاشم عەقراوی، مەلا ماتۆر، شێخ جەعفەر بەرزنجی، تاها موحیەددینێکی هەبووە و زۆرێکیش لەوانە خاوەنی دەسەڵات بوونە. کورد لە عەرەبستانی عێراقدا ڕۆژنامەی دەرکردووە و کاری هونەریی کردووە و زانستگەی خوێندووە

---

[6] سعید، ادوارد، نهاية عملية السلام اوسلو وما بعدها، دارالاداب- بيروت، الطبعة الاولى 2002، ص 361.

و مێژووی نووسیوه و شیعری بڵاوکردووەتەوه و کۆڕی گێڕاوه و حیزبی سیاسیی هەبووه و کۆمەڵەی جڤاکی و فەرهەنگیی ساز کردووه و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی هەبووه و خودانی کۆمپانیا بووه و هوتێل و فرۆشگه و بازاڕی هەبووه و چووەته زیارەتی کەربەلا و نەجەف و کازمییه و عەبدولقادری گەیلانی و سەردانی مەیخانه و لەشفرۆشخانه و هەموو شتێکی دیکەی کردووه. هیچ ڕۆژێک لەبەر کوردبوون، کوردێک نەکوژراوه و لەنێو نەبراوه. ئەگەر ئەنفال و هەڵەبجه و کیمیاباران و هەڵواسینی کورد کراوه، بەڵگەکان، پاساوەکان، له لایەن دوژمنەوه، کوردبوونی کورد نەبووه، بەڵکه هۆکاری دیکه بووه. له بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا کورد هەر بەو جۆره ڕەوتاری لەگەڵ کراوه.
من بۆ خۆم لەو باوەڕەدا بوومه و هەم، که مادام کورد به درێژایی ئەو هەموو ساڵانه، له سەر کوردبوون، هەڵنەواسراوه و نەکوژراوه و نەسووتێنراوه، بۆیه پێویستی بەوه نەبووه هەستیی نەتەوەیی بخاته گەڕ و پلەی گەرمیی نەتەوەیی بەرز بێتەوه. له کاتێکدا، که له کوردستاندا کورد شۆڕشی کردووه و ئەنفال کراوه و ژارباران کراوه، هەر لەو کاتانەدا، هەزاران کورد، له بەغدا و باژێڕەکانی دیکەی عیراقدا، له باڕ و هوتێلەکاندا خەریکی خواردنەوه و قومار و ڕابواردن بوونه و هەر به خەیاڵیشیاندا نەهاتووه، له کوردستان چی ڕوودەدات. ئەو خەڵکانه هەموو جاش و بەعسی و خۆفرۆش نەبوونه. ئەوانیش کورد بوونه و ڕەنگه خەڵکی زۆر کوردپەروەریشیان تێدا بووبێت. دەوڵەمەند، کرێکار، مامۆستا، خوێندکار، هەژار، شۆفێر، دەسفرۆش، مەلا و...هەموو جۆره خەڵکێک بوونه، بەڵام دەسەڵاتی بەعس هیچی لەگەڵ نەکردوون، هەرچەند زانیویشیەتیی کوردن. بێرتۆڵت برێشت" Bertolt Brecht"(1898-1956)ی، شانوونامەنووس و شاعیر و ڕێژیسێۆر و نووسەری ئەڵمانی دەڵێت:"که کۆمۆنیستەکانیان گرت، خەمم نەبوو چونکه خۆم کۆمۆنیست نەبووم. که جوولەکەکانیان گرت، خەمم نەبوو چونکه خۆم جوولەکه نەبووم. که کاتۆلیکیان دەگرت، خەمم نەبوو چونکه خۆم کاتۆلیک نەبووم. کاتێکیش له دەرگاکەی من درا، کەس نەمابوو خەمی منی بێت". که کوردی فەیلی له بەغدا وەدەردەنران و ماڵیان زەوت دەکرا و کوڕەکانیان دەخرانه زیندانەوه، کوردی دیکەی نافەیلی خەمی نەبوو و بیری، لەوەی به سەر کوردی فەیلیدا دەهات نەدەکردەوه، چونکه ئەو خۆی فەیلی نەبوو. که بارزانییەکان دەگیران و تێدادەچوون کوردانی دیکه بیریان لێ نەدەکردنەوه و خەمیان نەبوو، چونکه خۆیان بارزانی نەبوون. که گەرمیان ئەنفال دەکرا و سەدوهەشتادووهەزار ژن و زارۆک و لاو و پیر دەگیران و ڕەوانەی نادیار دەکران و دواییش قڕ دەکران و لەنێو دەبران، کوردی شوێنی دیکه خەمی نەبوو و بیری لێ نەدەکردەوه، چونکه بۆ خۆی گەرمیانی نەبوو و خۆی ئەنفال نەکرابوو. که هەڵەبجه گازباران دەکرا و پێنجهەزار مرۆڤی تێدا دەسووتێنرا، کوردی دیکەی دەڤەری دیکه بیری لێ نەدەکردەوه و خەمی نەبوو، چونکه خۆی هەڵەبجەیی نەبوو. که کەرکوک و خانەقین و شنگال دەعەرەبێنران و داگیردەکران و کوردبژار دەکران، کوردی دیکه خەمی نەبوو و نەیدەزانی چی ڕوودەدات، چونکه ئەو بۆ خۆی نه کەرکوکی و نه خانەقینی و نه شنگالی بوو. که خەڵکێکی سەر فلانه حیزبی کورد، دەگیران و له سێداره دەدرا و وەبەرگولله دەدران، خەڵکی سەر به حیزبێکی دیکەی کورد خەمی نەبووه و به خەیاڵیدا نەهاتووه، چونکه خۆی سەر بەو حیزبەی، که خەڵکی لێ گیراوه و کوژراوه نەبووه. سەدان ڕووداو و لێقەومانی دیکه به سەر کورددا هاتووه و تێپەڕیوه، لێ کوردی له کەوڵ و قەواره و چوارچێوه دەڤەرییەکەی خۆی نەهێناوەته دەرێ و کوردی نەکردووەته کوردێک، لەگەڵ ئازاری هەموو کوردێکی دیکەدا و له هەر کوێیەکی کوردستان، ڕاچڵەکێت و ئازار بچێژێت و به دەردی هەموو کوردێکەوه بتلێتەوه. ئێستا و دوای ڕووخانی سەددام حوسەین، له عیراقی ئازاد و "عیراقی هیوا و ئاشتی"دا، کورد به کافر نێونووس دەکرێت،

خوێنی کورد حەڵاڵ دەکرێت، کورد دەکوژرێت، کورد دەسووتێنرێت، کورد سەردەبڕدرێت، تەنێ لەبەر ئەوەی کوردە.

*****

عەرەبی عێراق، دوای بەعێراقیکردنەوەی کوردستان و کورد، بە سایەی سەری سەرانی کوردەوە، کوردستانیان کردووەتە تەراتێنگە و هەر ڕۆژەی لە جێیەک هەواری لێ دەخەن و چۆنیان بووێت دەژین و ڕادەبوێرن و چییان بوێت دەیکەن و وێنەی سەددام حوسەین لە سینگ و بەرۆکی خۆیان دەدەن و ئاڵای عێراقی بەعس هەڵدەگرن و بە شانازی و خۆبادان و شۆخیکردن، بە هەموو پیرۆزییەکی کوردستان و بە هەموو نەریتێکی کوردەواری، بە نێو کۆڵان و کووچە و جادە و شار و گوند و چیا و کانیاو و دۆڵی کوردستاندا دێن و دەچن، کێ حەددی هەیە قسەیەکیان پێ بڵێت. پاسدارانی کورد، پۆلیسی کوردستان، بە فەرمانی سەرانی کورد دەیانپارێزن، چونکە بە قەولی ئەوان"میوانن". سەرانی کورد، کۆنگرەی گفتوگۆی فەرهەنگیی عەرەبی-کوردی دەبەستن و سەدان عەرەبی بێخێر و هیچ پێوەندنەبوو بە فەرهەنگ و بێفەرهەنگ، بانگهێشتن دەکەن بۆی و دەیان هەزار دۆلاری بۆ سەرف دەکەن، تەنێ بۆ پتەوکردنی برایەتیی ناهاوتا و ناڕاست و نایەکسانی عەرەب و کورد، کە عەرەب هەرگیز باسی لێوە ناکات و تەنێ کوردە، کە خۆی لێ هەڵمالیوە و وەدوویدا دەدەوێت.

*****

مەگەر ئێستا، دوای فەتوا و سەربڕین و کوشتن و سووتاندن و دەسرێژلێکردنی کورد، تەنێ لەبەر ئەوەی کوردە نەک لەبەر هیچی دیکە، ئەو هەست و ئاگاییی کوردبوونە ببزوێت و کورد خۆبناسێتەوە و خۆبدۆزێتەوە و خۆڕاپسکێنێ و بێتەوەسەرخۆ و هەست بکات چی پێ دەکرێت و بۆ پێی دەکرێت. مەگەر ئێستا ئیدی کورد بزانێت کوردە، کاتێک ناتوانێت بە جلی کوردییەوە بچێتە عەرەبستان و کاتێک ناتوانێت بە کوردی قسان بکات و کاتێک ناتوانێت سواری ئۆتۆمبیلێک بێت ژمارەی بازێڕێکی کوردستانی پێوە بێت. ئەمەیە ئەو قەیرانە، کە ئیدی گەل، خەلک، کۆمەڵ، دەکاتە نەتەوە. ئەگەر هەر لەو دەمانەوە، کە کورد لەگەڵ عەرەبدا ژیاوە و بە عێراقەوە لکێنراوە، کوردێکیان لە ناوەندی بەغدادا هەڵواسیبا و بیانگوتبا ئەوەی بۆیە هەڵدەواسن چونکە جلی کوردی لەبەر کردووە، یا کوردێکیان لە ناوەندی بەسرەدا هەڵواسیبا و بیانگوتبا ئەوەی بۆیە هەڵدەواسن چونکە بە کوردی پەیڤیوە، یا کوردێکیان لە ڕەمادی کوشتبا و بیانگوتبا ئەوە لە سەر ئەوەی دەیکوژن چونکە گوێی داوەتە مووزیکی کوردی، یا کوردێکیان لە ناسرییە سووتاندبا و بیانگوتبا ئەوەی بۆیە دەسووتێنن چونکە ماشێنەکەی ژمارەی کەرکووک، سلێمانی یا هەولێری پێوە بووە، ئەودەم ئەو کارە دەبووە پاڵنانێک، بە پێچکەی ئاگایی و هەستی نەتەوەیی کورد و برێک وەپێشی دەخست و کوردی دەهێنایەوە سەرخۆ و ڕایدەتەکاند. ئەمەی ئێستا ڕوو دەدات، ئەگەر کورد ڕانەچڵەکێنێت و لە چوارچێوەی بازنەی تەسکی حیزب، هۆز، شار، دیالێکت، دەڤەر، دەستە، کە پێش کوردبوونی خۆی بە یەکێک لەوانە دەزانێت، دەرنەکات و نەیخاتە نێو بازنەی بەرینی کوردبوونەوە و کورد نەکاتە نەتەوە، ئەوا هیچی دیکە نایکاتە نەتەوە و هەشتەیش لە سەر مشتە و ئەمەش وەک هەزاران بەزمی تر، مانەندی ئەنفال و هەڵەبجە و لەنێوبردنی کوردانی فەیلی و ڕاگواستن و عەرەباندن و بەعساندن و داگیرکردنی کەرکووک و خانەقین و مووسڵ و مەندەلی و شنگال، بە سەر کورددا تێدەپەڕێت و کورد هەر باکیشی نییە و ناشبێت. هەڵوێستوەرگرتن لەو ڕەوتارانەی عەرەب و بەرپەرچدانەوەی ئەو کردارانەیان و کاردانەوەی لە نێو خەڵکی کورد و کوردستاندا، هیچ مەرج

نییه به هەڵوێستی نێرەمووکانه و لەرزۆکانه و خاووخلیچکانه و ترسنۆکانه و دەمتەتەڵەکەرانەی سەرکردەیەتیی سیاسی کورد و سەرانی کوردەوە، ببەسرێتەوە و گرێ بدرێت. کورد وەک خەڵک، وەک ئاگایی، وەک هەست، وەک ژیان و زیندوویەتی، بۆ خۆی گەرەکە ئامراز و ڕێگە بدۆزێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرانەی، کە ئێستاکە وەپێش هاتووە و پێویست ناکات چاوەنۆڕی سەرانی کورد بێت بزانیت چ دەفەرموون[7]. کورد بۆ خۆی، ئەگەر خۆی بە یەکێک لە گەلە زیندووەکانی جیهان دەزانێت و ئەگەر پێیوایە "خویناوییە ڕابوردوویان"، ئەگەر نووزەیەکی تێدایە، ئەگەر گیانی لەبەردایە و ئەگەر دەژی، بلا منداڵانی بەردەقانی و بەردەفرکێی فلستین و ئەنارکیست و چەپە ئەوروپاییەکانی دژەسەرمایەداری و دژەجیهانگەری و زاباتیستان و ساندەنیستانی ئەمەریکای لاتین و ماویستانی نیپال و باسکەکانی ئیسپانیا و ئیرلاندییەکان و دەیان دەستە و خەڵکی دیکەی لەو جۆرەی جیهان، بکاتە نموونە و چاویان لێ بکات و تەکانێک بە خۆی بدات. ئەگەر ئەم بار و ڕەوشەی ئێستا، کە ئیدی هیچی بەبەرەوە نەماوە و لە دەرگای یەک بەیەکی کورد دەدرێت تەنێ لەبەر ئەوەی کوردە، شتێک سەوز نەکات و وەبەرهەم نەهێنێت، ئەوا کاک شێخ موحەممەدی باڵەک گوتەنی: "ناتەواوییەکە لە میللەتەکە خۆیدایە"[8].

2004/10/2

---

[7] ئەو پێشمەرگانەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، کە هاتوچۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیان دەکرد، دەیانگێڕایەوە، کە کاتێک لەگەڵ خەڵکدا قسەیان کردووە و لێیان پرسیون، کە بۆچی ئەوانیش شۆڕش ناکەن، ئەوان لە بەرسڤدا گوتوویانە: "کەی شا بفەرمووێت، ئەوسا ئێمەیش شۆڕش دەیکەین".

[8] مانگی تەمووز لە ماڵی کاک ئاکۆ موحەممەد گەردی، لە هەولێر دانیشتبووین و کاک "شێخ موحەممەدی باڵەک"یش لەوێ بوو. لە باسی کورد و ڕەوشی کوردستان و بیروڕاگۆڕینەوەدا، کە ناکرێت کورد وەک گەل، بە کۆمەڵ تاوانباربکرێت و نەبوونی بە هیچ و دواکەوتوویی و ناتەواوییەکانی بگێڕدرێتەوە بۆ تەواوی کورد، کاک شێخ موحەممەد گوتی: "من زۆرم پێ سەیرە خەڵک هەر باسی سەرکردەیەتیی سیاسی کورد و سەرانی کورد دەکات، کە گوایە هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاوانی ئەوان بووە، کورد بە هیچ نەبووە و من پێموایە کورد بۆ خۆی هیچی لەباردا نەبووە و نییە و سەقەتی و ناتەواوییەکە لە خۆیەتی وەک نەتەوەیەک، بەڵام خەڵک ناوێرێت باس لەوە بکات".